## نەخشەی بنەرەتی

نەخشەی بنەرەتی بەکارهێنراوە بۆ زەوەی بۆ کۆمەڵگەییەکی شارستانی هەروەها پلاندانانێکی سەرەکیە بۆ پێشخستنی شارو و شاروچکەکان لەبەر ئەوەی مەرجە سەرەکیەکانی پێشکەوتنی داهاتووی لەخۆگرتووە چوار چێوەی پێکهاتەی ئێستا و داهاتووی لەخۆگرتووە . ماستەر پلان سەرجەم پێکهاتە سەرەکیەکەو هێڵە پانەکانی نەخشە دانا نمان دەداتێ / بەشێوەیەکی بەرفراوان کەسوودمەند دەبن لێ ی بۆ تویژینەوەکان کە پێویستە لەداهاتوودا پەرەوبکرێن .

ماستەر پلان چوارچێوەیەکی گشتگیرە لە پێناوی بریادان و پلان دانان کەی و چۆن پێویستە کەشارەکە گەشە پێبکەین ئامانجەکانی ماستەر پلان جێ بەجێ نابێت و سەرکەوتوو نابێت تەنیا لەکاتەدا نەبێت کەسەرجەم ئەوکەسانەی هەڵدەستن بە پێبدەن وا وەربیگرن کەبنەماو یاسایە کە بۆ بریاردان .

ماستەر پلان هەڵدەستین بە سەرکردایەتی و پێشکەوتن بەشێوەیەکی ئەرێتی ( ایجابی ) بەبەرستی کردنی لاوان ، بەتەنیا هۆکارێك نیە بۆ پێشکەوتن بەڵکو گرنگترین هۆکارە سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە لەباخچەوە تاکو زانکۆ لەماڵێکی بچووکەوە تاکو ئوتێلێك لەگۆرەپانێکی تۆپی پێ وە ( بچووك ) لەناو تاکو ریگایەکی نێودەوڵەتی گشتی کەشارەکان پێکەوگرێدەدات لەباخچەیکی بچکۆلەوەلەناو گەرەکێکدا بۆ سەیرانگایەکی سەرەکی لەشاردا لەدووکانێکی بچووك لەوناو کۆلانێکدا بۆ مولێکی گەوەرە لەبەلوعەیەکی ئاووە بۆ پرۆژەی پالاوتن و پاکژکردنی ئاو لەشارەکاندا.

پێشکەوتنی ئەرێتی ( ایجابی ) بۆ هەر شارێك روونەدات تەنیا بەهۆی گونجاندنیچکی ایجابی و هاوکاریکردن نەبێت لە نێوان سەرجەم لایەنەکان ، بەرێوەبردنێکی بەهێز ئەتوانین کۆنترۆلی ئەم کردارە بکات وەهەروەها بەشداریکردنی دانیشتوانیش لەم هاریکاریەدا پێویستە ، ئابەم

شێوەیە لەژێر ئەم بارودۆخەدا نەوەکانتی داهاتوو ئەتوانن لەژینگەیەکی تەندروستدا بژین کە بەردەوامە ژیان تێدا لەئێستاو داهاتووشدا ......

**( ئاستەکانی ) :-**

پلان دانانی سەرەکیمەرجی ریشەی مەرجی سەرەکی یە بۆ پێشکەوتن لەشارو شاروچکەکان ، لەبەرئەوە پلەبەندی لە پلاندانانندا زۆر گرنگە .....

## گرنگترین پلەکانی پلاندانان ئەمانەیە :-

١- پلان دانــنی نیشتمان : ( بۆ وولات ) :- ئەو پلان دانانەیە کە پلەیەکی بەرزی هەیە بۆ دەوڵەت ، کاردەکات لەگەڵ کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ بوونی سەرەکی و لاوەکی و پایەکانی ئابووری سەرچاوەی داهاتی نیشتمانی وەکو کشتوکاڵ و بەکارهێنانی زەوی و قۆستنەوەی ، وەهەروەها بەروبوومە سروشتیەکان و ژێرخانی ئابووری وەکو کارگەکان و فرۆکەخانەکان وەهەروەها ناوچەکانی پاراستنی سروشتی وەکو دارستانەکان و باخچە سروشتیەکان و کۆمەڵگە نیشتە جێ بوونە گەورەکان .

٢- پلاندانانی هەرێمی : هەڵدەستێت بەگرێدانی پلانەکان لەنێوان ئاستی نیشتمانی و شارەوانیەکان یاخوود پارێزگاکان .

٣- ماستەر پلان : هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردن و رێکخستنی پێشکەوتنی شارەوانی بۆ هەرپارێزگایەك ئەویش نەخشەیەکی بەکارهێنراوە بۆ زەویەکان .

٤- دیزانی کەرتی ( بەشێك لەشارێك ) :-

بچووکترین ئاستی پلاندانان و نەخشە دانانە کەئەویش دیزانی جێ بەجێ کردنە بۆ بەشێك یاخوود کەرتێك لەشارێك وەئێستا لە کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت بە پێوانەی وێنەی ١٠٠٠/١

یــان ٥٠٠/١ و کەتیــچدا ســەرجەم ئــەو شــوێن و بینــاو ریگــاو ناوچەســەوزاییەکان و ناوچــەکراوەکان تێدا دەروخێنرێت .

وە پێویــستە لــەم جــۆرە لە پلانداناندا ناوچــە و شــوێنە هەســتیارەکان دیــاری بکــرێن و هــەروەها دیــاریکردنی رێگــاو بانــەکان و ناوچــە شــوێنە واریــەکان و مێژوویــەکان وەهــەروەها دیــاریکردنی ئــەو کــەل وپە لانــەی کــە بــەکاردێن ئەگــەر پێویــستی کــرد تــاوەکو کارەکــە بەتــەواوی بکرێــت و بگونجێــت لەگەڵ یەکتیردا .

## مەبەست لەنەخشەی بنەرەتی .

ئامــادەکردنی نەخــشەی بنــەرەتی بــۆ شــارێك ، پێویــستە بیرکردنەوەیــەکی قــوڵ و فــراوان بــۆ کارەکــان و هۆکارەکان و بەکارهێنانی زەوی و تۆری گونجاندنی شارستانی دا هەبێت .

ئــــەرکی سەرشــــانی نەخــــشەدانەرانە کەلێکوڵینــــەوەلای گــــشتگیر بکــــەن بۆســــەرجەم زانیاریــــە پێویــستیەکانی پــلان دانــان .و روپێــویی کردنــی ســەرجەم بەڵگــەکان لەسەرچــاوە جیاوازەکانــەوە .

ئەمــــەش لەبەرپێشخــــستنی ئــــەو پێــــشکەوتنانەی لەشــــارەکاندا روودەدەن زۆر پێویــــستە کــــەتۆری گوونجانــــدی شارســــتانی لەبەرچــــاو بگیرێــــت هــــەروەها پێویــــستە کەمتمانــــەی تــــەواو لــــەنێوان ئەکەســــانەی کەراســــپێراون بــــۆ پلانــــدانان و ســــەرجەم بەشــــداربوان لــــە کارەکــــەدا هــــەروەها هاوکــاریکردن لەنێوانیانــدا لەســەر هــەمان متمانــەی پتــەوبێت دەواتــای راســتەقینە وەربگێرێــت وەبەم شێوەیەی خوارەوە بێت :-

کۆکردنــەوەی ســەرەجەم زانیاریــەکان لەداتایەکــدا ( Data ) کە پێویــستە ئــەویش لــەرێگای را پرســی لــەنێوان هاولاتیانــدا ســەرجەم لایەنــەکانی ژیانیانــدا ، و ئامــادەکرنی ســەرژمێری تاییــەت بەرێــژەی

دانیـشتوان ، تەمـەنیان و نێـرو مـێ و بـێ کـاری ، و ژمـارەی خێـزان ، و ژمـارەی منـداڵ لەهەرخێزانێکـدا ، کۆچکردن، هۆکارەکانی کۆچکردن ، دەرماڵە ،یان مووچە ، و باری گوزەرانیان.

توێژینەوەکردن لەبارەی ژێرخانی ئابوورییەوە:-

ئەویش :

* لێکۆڵینـــەوە لەسەرچـــاوەکانی ئـــاو ، گواســـتنەوەی ئـــاو ، و کۆکردنـــەوەی ئـــاوی خواردنـــەوە ، تـــۆری دابەشکردنی ئاو ، و شوێنی پارێزگاریکردن لەسامانی ئاوییەکان .

* رزگار بوون ولەئاوی پیس

* رزگـــاربوون لـــە پاشمـــاوە رەقـــەکان ، یـــاخود کـــرداری دووبارەبەکارهێنانـــەوەی پاشماوەکـــان ، یـــان کــــــرداری ئامـــــــادەکردنی پـــــــەینی کیمیـــــــایی وزەی کارەبـــــــاو زۆریـــــــش ( Recyckling ) لە پاشماوەکنانەوە

٣- گەیاندنی ووزەی کارەبا : -

ئەویش هێڵەکانی گەیاندنی وزەیە لەسەرچاوە سەرەکی و لاوەکیەکانەوە بۆ هەموو ناوچەکان

٤- تۆری پەیوەندی ( هێڵ ) :-

لێکۆڵینـــەوەی چـــۆنێتی پێـــشکەوتنی پەیوەندیانـــەی ســـەردەم وە هـــەروەها لێکۆڵینـــەوە لە پۆســـتەی سەردەمیانە.

٥- تۆری هاتوچۆ وگەیاندن :-

لێکۆڵینـــەوە لـــەو وێـــستگەکان و رێگاکـــانی جوڵـــەکردنی شـــەمەندەنەفەرەکان و هێڵـــی ئاســـنین و چۆنێتی گرێدان و پێکەو بەستنەوەیان بەیەکترەوە

لەوولاَتــــە پێــــشکەوتووەکاندا ئامــــادەکرنی ماســــتەر پــــلان لــــەژێر دەســــەلاَتی لایەنــــە تاییە تمەندیەکاندایــە وەکــو وەزارەتــەکانی پــلان دانــان و بەشــەکانی پــلان دانــانی بیناســازی لــە شارەوانیەکان و یان نوسینگەکانی پلاندانانی تاییەتی ئەهلی .

لەوولاَتــە تازە پێگەیــشتووەکاندا زۆربــەی جــار دەبیــنین کــە ئــەم دەســەلاَتانەی کەباسکران نــاتوانن چارەســەرێك بدۆزنــەوە بــۆ رێگریکــردن لەگەشەســەندنی هەرەمــەکی ، وبەرنامــە بــۆ دانــەنراو ئەمــەش بەشێوەیەکی گشتی بەسەر شارەکانی

١- کوردیــەکان بەتاییــەتی شــاری ســلێمانیدا بــەهۆی سیاســیەتی خرا پــی حکومــەت لــەرابردوودا کەهەســتاوە بــەزۆر کــۆچ پێکردنــی خــەڵك لەگوندــەکان وەهــەروەها یاســا تونــدەکان . کەبۆتــە هــۆی ئــــەوەی کەســــلێمانی بەشــــێوەیەکی هەرەمــــەکی بەرنامــــە بۆنــــەنراو گەشــــەبکات دەســــەلاَتەکانی پلانــــدانان لەئێــــستادا سەرســــام مــــاون و نــــاتوانن چارەســــەرێکی گونجــــاو بــــۆ ئــــەم هەمووکێــــشەیە بدۆزنەوە و توانای تەواوی نیە لەرووی بەرێوەبردن وزانستیەوە

٢- کێــشەی خاوەنــدارێتی زەوی لەکوردســتاندا بەگــشتی و شــاری ســلێمانی بەتاییــەتی بــەجۆرێك کــرداری پلانــدانان بۆشــارەکان زۆربــەی جــار ناگونجێــت لەگــەڵ خاونــدارێتی زەوی یــە هــی کەسێك بێــت یاخوود خاوەندارێتی یەکەی هی فەرمانگەیەك بێت یاخوود هی لایەنێکی فەرمی بێت .

پێویــستە حکومــەت کــەم تەرخــەم نــەبێت لەتــەرخانکردنی بوجــەی تاییــەت بــۆ قەرەبووکردنــەوەی ئــەو خــــاوەن موڵــــك لــــەو شــــوێنانەی کــــەرێگرن لەئاســــتی چارەســــەرکردنی هەنــــدێ کێــــشەی زیــــادەرۆی یــــان فــراوان کردنــی شــەقام یــان گۆرەپــان و باخــچەکان . ئەمــەش بەکێــشەیەکی گــەورەی جــێ بــەجێ کردنــی ئەوپلانانــەی دانــراو بــۆ ئــەم مەبەســتە شــارەکانتی کوردســتان بەتاییــەت شــاری ســلێمانی پێویــستی بەداخــستنی چــەند شــەقامێك هەیــە لەناوەنــدی شــارەکەدا کــەبکرێت بەشــەقامی پیــادەرەوی وەرچــاوی

بەرژەوەنـدی دوکانـدار و فرۆشـگاکانی ئـەو ناوچـانەبکرێت بەدەستنیـشانکردنی جـۆری ئـەو کـەل و پەلانەی لەو ناوچانەدا ئەشێت بفرۆشێت وەیارمەتیدان خاوەنەکانی .

- پێویـستە بـەزووترین کـات چارەسـەری کێـشەی هـاوردە کردنـی ئوتومبێـل بکرێـت بـۆ شـارەکانی کوردسـتان چـونکە لەماوەیـەکی نزیـك داواچـاوەرون دەکرێـت کەبـەکارهێنانی ئوتومبێـل لەناوشـاردا خۆی بۆ خۆی ببێتە گەورەترین کێشەی هاتووچۆ لەبەرزۆری ژمارە ئوتومبێل .

## ماستەر پلان :-

لـە وڵاتـە پێـشکەوتوەکاندا ، کـارکردن بـە ماسـتەر پـلان بـۆ گۆڕانکـاری و ڕێکردنـەوە بـۆ چوارچـێوەی پێکهاتـەی بیناسـازیدا گۆڕانکاریـەکی کـەمی دەوێـت ، یـان تیـشك دەخاتـە سـەر پـرۆژە گـەورەکان . لـە بەرئـەوەی گەشـە لـەم جـۆرە شـارانەدا دەتوانرێـت هەسـتی پێبکرێـت و بـە ئاگـاداری شـارەزایان بێـت .

بـەڵام لـە وڵاتـە تـازە پێگەیـشتووەکاندا هـەروەکو لـە کوردسـتان پێویـستە سـەرجەم ئـەم پێوانـەی لای خوارەوە لە بەرچاو بگیرێت :-

١- گەشـەی خێـراو نـا ڕێکخـراوی ناوچـەکانی نیـشتەجێ بـوونی دانیـشتوان کـە دەبێتـە هۆیـەکی قورس لە بەردەم تەوەرەکانی جوڵە و ڕێگا و خزمەتگوزاریەکانی شار و تەوەری کۆمەڵایەتیشدا .

٢- گرنگیدان بە ژێرخانی ئابوری .

٣- دانانی سیاسەتێك بۆ نیشتەجێ بوون .

٤- دانانی پێوانە و دیاریکردن بۆ بەکارهێنانی زەوی .

٥- گرنگیـدان بـە ناوچـە سـەوزەکان و کراوەکـان و هـەروەها ڕوودانـی دار و درەخـت لـە بەرچـاو بگیرێـت ، هـەروەها جـۆری ئـەو ڕووەکانـەی کـە لەگـەڵ ژینگەکەمانـدا گونجـاون ، وە چـۆنیەتی ئاودانیـان و بـەرەنگار بوونـەوەی بـەبیابان بـوون بـە زۆر کردنـی کـرداری ڕوودانـی دار و درەخـت لـە بەرچاو بگیرێت ، هەروەها جۆری ئەو ڕووەکانەی کە لەگەڵ ژینگەکەماندا گونجاون .

وە چۆنیەتی ئاو دانیان و بەرەنگار بوونەوەی بەبیابان بوون بە زۆر کردنی کرداری ڕوواندنی دار و درەخت .

- پێویستە ماستەر پلان لە بەرچاو بگیرێت واتە ، پێویستە لە سەر دەسەڵات کە سەرجەم لایەنەکان ڕکیفی ( ملکەچی ) ماستەر پلان بکەن ، لایەنەکانیش هاوڵاتیان و وەبەرهێنان و بەڕێوەبەران دەگرێتەوە .

کرداری پلاندانانی بیناسازی لە کوردستاندا خۆی لە ماستەر پلاندا دەبینێتەوە کە پێویستە نەرمیەکی پێوەدیار بێت چونکە کوردستان لە حاڵەتی پێشکەوتنی بەردەوامدایە .

مەبەست لە نەرمی لێرەدا پێویستە پلاندانانە کە توانای فراوانکردنی هەبێت و گۆرانکاری تێدا بکرێت لە بەرئەوەی دانیشتوان لەگەشەدان.

## بەکارهێنانی زەوی تێکەڵ :-

مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە کۆمەڵێك چالاکی جۆراو جۆر لە خۆ دەگرێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا وەکو دانیشتوان و فەرمانگەکان و ئوتێلەکان و شوێنی ڕابواردن ، شارەزایی چل یان پەنجا ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە بەکارهێنانی تێکەڵ باشترە لە بەرکاهێنانی سەربەخۆ ( تاك ) لە زەویدا . بۆماوەیەکی دوور و درێژ ، بە جۆرێك کە ماوەی نێوان ماڵ و شوێنی کارکردن یاخود ماڵ و قوتابخانە کورتترە کە ئەمەش دەبێتە هۆی کارێکی یارمەتی دەر بۆ پێکەوە ژیانی ئەوێنی ( إیجابی ) و بار و گوزەرانێکی زیاتر پڕ لە خۆشی .

- پێویستە ئامادەکردنی نەخشەیەکی گشتی بۆ بەکارهێنانی زەوی لە سەر ئاستی شارەوانی وە هەروەها پێویستە کە ڕاپۆرتێکی نوسراو ڕونکراوەی لەگەڵدا بێت .

وە پێویستە ئەو نەخشەیەی بۆ بەکارهێنانی زەوی دیاریکراوە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدابێت :

١- شوێنی بیناکان و کارگەکان ( دانیشتوان ، بازرگانی – پیشەسازی ...... تاکوتایی )

٢- دیاریکردنی ژێر خانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی وەکو ( قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و شوێنی وەرزشیەکان )

٣- شوێن و ڕێگا و بانەکان وەکو شەقامە سەرەکیەکان لە ناو شارەکاندا کە شارەکە لەگەڵ دەرەوەیدا پێکەوە دەبەستێتەوە .

٤- ناوچەکانی ئامادەکردنی کارەبا و ، ئاو ، و ئاوەڕۆ و و پاشەڕۆ و خاشاك .

٥- ناوچە سەوزاییەکان ، کە ئەویش باخچە گەورەکان و بچووکەکان و گۆڕستانەکان و ناوچە وەرزشیەکان و شوێنەکانی ڕابواردن لە خۆ دەگرێت .

٦- ناوچەکانی شوێنی ژینگەیی و دیاریکردنی تاوەکو ببێتە بەربەستێك لە بەردەم ئەو کاریگەریانە دا کە کار لە ژینگە دەکەن .

٧- ناوچە ئاوییەکان واتە دەریاچە و بەربەستە ئاوییەکان.....

٨- ناوچەکانی سامانە سروشتیەکان .

٩- ناوچەکانی کشتوکاڵ و دارستانەکان .

١٠- ناوچەکانی پاراستنی پێشکەوتنی سروشتی ، دیمەنە سروشتیەکان (landscape) و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان.

ئەندازیاری تەلارسازی

کمال عبدالله محی الدین